# كفری... سەنگەرێكی كوردستان

**د. كۆزاد محمد احمد**
زانكۆی سلێمانی

ڕێككەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١١/١٨ ڕێككەوتی ڕەزامەندی بڵاوكردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

كفری و ناوچەی دەوروبەری لە ڕووی نەژادی دانیشتووان و زمان و فەرهەنگەوە سەنگەرێكی لە پێشی كوردستان و ناسنامەی كوردستانە. درز كەوتنە ئەو سەنگەرە، لێكەوتەی مەترسیداری لەسەر ناسنامەی بەشێكی گرنگی كوردستان دەبێت و هەڕەشـــەكانی لەناوچوونی زیاد دەكەن. لەم توێژینەوەیەدا كە كفری و ناوچەی دەوروبەری وەك نمونەیەك وەرگیراوە، تیشـك دەخرێتە سـەر ئەو ڕۆڵە بنەڕەتی و بایەخدارەی كفری دەیبینێت لە هێشـتنەوەی مۆركی كوردانەی كوردستانی باشور دا. بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییانە و سەلماندنیان، بەراوردێكی مێژوویی و كۆنەناسییانە دەكرێت لە نێوان ئەم ڕۆڵەی ئێسـتای ناوچەكە و ڕۆڵی لە دوو سـەردەمی مێژوویی تردا، ئەوانیش سـەردەمی بنەماڵەی سـێیەمی ئور (چارەكی كۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز.) و سەردەمی دەستەڵاتدارێتیی شانشینی سیموورروم (چارەكی یەكەمی هەزارەی دووەمی پ.ز.) ن. لە نمونەی یەكەمیاندا، درز كەوتنە شـورەی ئیمپراتۆریی بنەماڵەی سـێیەمی ئور لە ناوچەی حەمرین و بووە هۆی ڕمانی ئیمپراتۆرییەكە لەســەر دەســتی ئامورییەكان و هاوپەیمانەكانیان و پاشــان دوابڕانی نەتەوەی ســومەر و تەنانەت بیرچوونەوەی بوونیشــی بۆ زیاد لە ٣٨٠٠ ســاڵ، لە نمونەی دووەمیشــیاندا بەرگری و خۆڕاگریی سیمورریی‌ەكان لە بەرامبەر هەمان هەڕەشەی ئامورییەكاندا، قەوارە و ناسنامەی وڵاتەكەی پاراست.

**پێشەكی:**

گەرمیان كە ڕیشـە و پێشـینەی مێژوویی لە كۆندا ڕەگی قووڵ و پتەوی هەیە. لەو سـەردەمەوە كە ئیتر ناوی كورد وەك ناوێكی نەژادی كەوتووەتە بەكار هێنان، گەرمیان لەگەڵ نەتەوەی كورد دا بوونەتە دووانەیەكی لێك دانەبڕاو و پارچەیەكی ڕەسەنی خاكی كوردستان. كە دەڵێین گەرمیان ڕیشەی قووڵی هەیە، مەبەستمان لە ناوهێنانیەتی لە دەق و نووسـراوە كۆنەكاندا، لەوانە لە دەقی نووسـینەكەی پەیكوڵی (سـەردەمی نارسـە ٢٩٣-٣٠٣ ز.) كە بە ڕاشـكاوی ناوی

گەرمیانییەکانی هێناوە بە شـــێوەی "گەرەمایی"[1] و هەروەها جوگرافیناســـی ئەرمەنی مۆســـی خۆرینی Movses Khorenats’ (دەوروبەری ٤١٠-٤٩٠ ز.) لە کتێبی جوگرافیاکەیدا گەرمیانی بە شێوەی ’گەرمکان‘ ناو بردووە و بە یەکێک لە هەرێم (ئوستان)ە ڕۆژئاواییەکانی دەوڵەتی ساسانی ژماردووە.[2] ناوی کوردیش بەم شێوەیەی ئێستای لانی کەم بۆ کۆتایی سەردەمی ئەشکانی (پارثی) و سەرەتای سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە کە لە کتێبی کارنامەگی ئەردەشێری پـاپەکـانـدا بە شـــێوەی "کوردان" هـاتووە کە کۆی کوردە.[3] کورد وەک نەژادێـک بەم نـاوەیەوە ئیتر بە دڵنیـایی لەم ســـەردەمەوە هەبووە و تێبینی دەکرێت جێی ناوی ’ماد‘ ی گرتووەتەوە، تەنانەت لە هەمان کتێبی کارنامەگدا کە ئاماژەی پێ کرا،یەکێک لە دوو ئەگەرەکەی واتایی ئەو دەســـتەواژەیە ئەوەیە کە "پادشـــای میدیی کوردان" بێت، واتە لێرەدا بە ڕوونی کورد و میدی بە یەک زانراون.[4] پێش هاتنی میدییەکانیش بۆ ناوچەکە، ئەم ناوچەیە هەرگیز بەشێکی ســـومەر یان بابل یان ئاشـــور نەبووە، بەڵێ کات هەبووە کەوتووەتە ژێر دەســـتەڵاتی دەوڵەتەکانی ئەو نەتەوانەوە – ئەگەر ناوی نەتەوە بۆ ئاشوری ڕاست بێت-، بەڵام هەرگیز بەشێک نەبووە و نەبووەتە بەشێک لە خاکیان. گەرمیان، بە کفرییەوە، وڵاتی گوتییەکان و خورییەکان و کاشـــشـــییەکان بووە و بەڵگەنامە نووســـراوەکان بوونیان لەم خاکەدا دەسـەلمێنن،[5] تەنانەت جار هەبووە دەوڵەتیشـیان تیادا دامەزراندووە و ململانێ و شـەڕ و شـۆڕیشـیان لەگەڵ دەوڵەتە بەهێزەکانی دەوروبەریاندا هەبووە، ڕەنگە دیارترینیان شـــانشـــینی ســـیمورروم بێت کە لەم بابەتەدا باســـێکی لێوە دەکەین.

جوگرافیای مێژوویی ناوچەی کفری:

هەروەک چۆن کفری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا وێســـتگەیەکی ســـەرەکی و خاڵی بەیەک گەیاندنی ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان کوردسـتان و باشـور بووە، لە مێژووی کۆنیشـدا هەر وا بووە. ناوی چەند ئاوەدانی و شـارێک لەو ناوەدا هاتوون کە لە سەر یەکێک لە شارێیەکان بوون لە با شورەوە بۆ باکور، کە هەندێکیان لە دەوروبەری کفری بوون و دوور نیە یەکێکیان خودی کفری نەبووبێت. بۆ نمونە لە لیســـتی ناوە جوگرافییەکانی ســـەردەمی ســـەرهەڵدانی

---

١ لە دەقە پەهلەوییەکەدا کە بە خەتی ئارامی نووسراوە، بە پیتەکانی (‘n)[g]lmykc نووسراوە، بڕوانە:
Skjærvø, P. O., *The Sassanian Inscription of Paikuli*, Part 3.1, Restored Text and Translation, Wiesbaden, 1983, 3 § 7 (p. 30).

٢ بڕوانە: مارکوارت، ی.، ایرانشهر بر مبنای جغرافیای موسی خورنی، تر. مریم میر احمدی، تهران، ١٣٧٣ (١٩٩٤)، ص. ٣٧، ٥١-٥٢.

٣ لە بەشێکی ئەو کتێبەدا دێتە سەر باسی شەڕی ئەردەشیری یەکەمی ساسانی لە دژی کوردان و دەڵێت *Kûrdân Shah î Mâdîg* کە بە پێی وەرگێڕانی سەنجانا دەشێت واتای "مادیگ ی پادشای کوردان" ببەخشێت و دەشێت واتای "پادشای میدیی کوردان" یش ببەخشێت. بڕوانە:
Sanjana, D. D. P., *The Kârnâmê î Artakhshîr î Pâpakân*, Bombay, 1896, p. 22, note 10.
بەهەشتی مامۆستا تۆفیق وەهبی وەرگێڕانی دووەمیانی پێ پەسەندترە، بڕوانە: وهبی، توفیق، اصل الاكراد و لغتهم، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی ٢، بەشی ٢، بەغدا، ١٩٧٤، ص. ٥.

٤ بۆ درێژەی ئەم بابەتە و لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و بە پێزی پەیوەندیی کورد و ماد، بڕاوانە هەمان لێکۆڵینەوەکەی بەهەشـــتی تۆفیق وەهبی: وهبی، توفیق، اصل الاكراد و لغتهم...

٥ بۆزانیاریی وردتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: حەمید، ڕێبوار ســـەرتیپ، مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی ســـێیەم تاکو ناوەڕاســـتی هەزارەی یەکەمی پ.ز.، ماستەرنامەی بڵاو نەکراوە – زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بنەماڵەکاندا مەنزڵگاکانی سەر ئەو ڕێگایەی لە ئێشنوننا (تەل ئەسمەر لە ناوچەی دیالە) وە بەرەو گاسور (شار وێران لە نزیک کەرکوک، کە پاشتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ نوزی) و بەرەژوورتر دەڕۆیشت، بەم شێوەیە ناویانیان هاتووە: ئێشنوننا – سیمودار Simudar(یان زیمودار Zimudar) – ئەدگانو Adganu– ڕەشاپ Rašap(پێش حەمرین) – ئاوال Awal (ئەم دیوی حەمرین، کە ئێستا شوێنەوارەکانی زۆر پێدەچێت گردی سولەیمە بێت[6]) – گیدانو Gidanu– مادگا Madga– تێرگا Terga(باشوری ئاوە سپی) – ئەمجا گاسور Gasur.[7] بەم جۆرە، لە نزیک کفری سێ شوێن هەبوون ئەوانیش ئاوال و گیدانو و مادگا بوون. بەڕای توێژەری بەناوبانگ فرەین، مادگا لە خودی کفری بووە، هەرچەندە هەندێک ڕای تر دەیبەنەوە لای داقوق یان شوێنێک لە نێوان کفری و داقوق.[8] هەر فرەین، وەک پاڵپشتییەک بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنانە لە کفری و دەوروبەری، ئاماژەی بە تێپەڕینی ڕێگای سەرەکیی نێوان ناوچەی بەغدا و کەرکوک و موسڵ لە سەدەکانی پێشوودا کردووە کە گیبسن باسی کردووە. ئەو دەڵێت: لە سەدەکانی پێشوودا ئەو ڕێگایەی لە ناوچەی بەغداوە بۆ باکور دەردەچوو، دەچووە دەلی عەباس و لەوێوە لە دەربەندی سەکەلتوتانەوە لە حەمرین تێدەپەڕی، ئەمجا بۆ قەرەتەپە و لە کۆتاییەکانی باکوری حەوزەکە ڕێگای سەرەکی بۆ کەرکوک و موسڵ دەچوو.[9] زنجیرەی حەمرین وەک لەمپەرێک بووە و چەند شوێنێکی هەبووە بۆ تێپەڕینی کاروان و سوپا، بەم هۆیەوە لە هەندێک لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە "کلۆمی وڵات" وەسف دراوە.[10]

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە سەرچاوە نووسراوەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریی میتانی (نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ. ز.) بکەین کە لە نوزی (شار وێران) دۆزراونەتەوە. ئەم سەرچاوانەش و سەرچاوەکانی سەردەمی بابلیی کۆنیش (نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز.) کە ناوی وێستگەیەکی تریش لە پاش مادگا و پێش تێرگا دەبەن، ئەویش 'ئاشوخ *a-šu-uḫ*' (بە پێی سەرچاوە بابلییە کۆنەکە) یان 'ئاشوخیش *a-šu-ḫi-iš*' (بە پێی سەرچاوەکەی نوزی) بووە، کە ئەمیش ئەوە دەهێنێت لێکۆڵینەوەیەکی جیا بۆ دەستنیشان کردنی شوێنەکەی بکرێت.

مادگا (کفری؟) لە سەردەمی گوتییەکاندا:

ئەم ناوانەی سەرەوە، بە تایبەتی مادگا زۆر جار ناویان لە تۆمارە نووسراوەکاندا هاتووە. بۆ نمونە مادگا لە مێژووی کۆندا ناوچەیەکی ستراتیجیی گرنگ بووە، یەکێک لە دەروازەکان بووە کە گەرمیان و دەوروبەری بە پێدەشتەکانی

---

6 Steinkeller, P., Appendix 1: Early History of the Hamrin Basin in the Light of Textual Evidence, in: McG. Gibson (ed.), *Uch Tepe* I, Tell Razuk, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajmat, Copenhagen and Chicago, 1981, p. 164.
7 Frayne, D. R., The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS vol. 74, New Haven, 1992, p. 54-55.

٨ بۆ ئەم ڕایانە و وردەکاریی زیاتر، بڕوانە:

Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan,* Unpublished Ph.D. Dissertation, Leiden, 2012, p. 151, note 189.
9 Gibson, McG., "Geographical and Historical Background," in: McG. Gibson (ed.), *Uch Tepe* I, Tell Razuk, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajmat, Copenhagen and Chicago, 1981, p. 11.

بێگومان کەسانێ تریش لە گەریدە و گەشتیارانی سەدەکانی پێشووش باسی ڕێگاکانی ئەم ناوچەیەیان کردووە و وەسفەکانیان لە هەمان ئەم بابەتەی شتاینکێلەردا هەیە.

10 Steinkeller, *op. cit.*, p. 163.

خوارتر دەبەستەوە و لەوێوە دەتوانرا بە وڵاتی ئەکەد و لەو لاتریشە وەبە سومەر بگەیت. جگە لەمەش، لە سەرچاوە ســومەرییەکاندا، بە تایبەتی ســەردەمی گودەیا Gudeaی فەرمانڕەوای بنەماڵەی دووەمی لەگەش، کە بنەماڵەیەکی ســوومەری بووە لە ژێر باڵ و ژێر ســایەی گوتییەکان بووە، هاتووە لە مادگا قیری بردووە بۆ بەکارهێنانی لە پرۆژە ئاوەدانکارییەکانیدا. لە دەقی نوو سراوی سەر پەیکەری B دا دەڵێت: "تالێنتی بێ‌شومار قیری لە مادگاوە هێنایە خوار، (مادگا) زنجیرە چیای ڕووباری تاقیکردنەوە (؟)، و لە بنیاتنانی دیواری ڕاگری ئێنیننو بەکاری هێنا."[11] لە نووســینێکی تریدا لەســەر ســتوونی A، باس لە بردنی قیریش و گەچیش لە مادگاوە دەکات: "(ئەمجا) گودەیا بۆ نینگیرســوی ســەروەری، قیری وشــک بووە و .... ی گواســتەوە، هەروەها گەچ لە زنجیرە چیای مادگاوە بە گەمیی (جۆری) خاونا *ḫauna* و نالوا *nalua*(ئەوەندە زۆر) وەک ئەوەی خەلە بێت، (کاتێک) گەمی دانەوێڵەی کێڵگەکان دەهێننەوە."[12]

مادگا (کفری؟) لە نووسینەکانی ئێرڕیدو-پیزیردا:

هەر لە ســەردەمی گوتییەکاندا، کاتێک فەرمانڕەوایی وڵاتی ســومەر و ئەکەدیان دەکرد، مادگا هەرچەندە لە ژێر ســایەی دەوڵەتە فراوانەکەی گوتییەکندا بووە، بەڵام فەرمانڕەوایەکی خۆی بە ناوی ’ئەمنیلی Amnili‘ هەبووە. ئەمنیلی دیارە ویســتوویەتی ســەربەخۆ بێت، بۆیە لە گوتییەکان یاخی بووە و تەنانەت وڵاتێکی تریشــی هان داوە لەگەڵی یاخی بێت، کە نیشــانەی کاریگەرییەتی لەســەر وڵاتی تریش. ئەمە وای کردووە پادشــای گوتی ئێرریدو-پیزیر Erridu-Pizir لەشکریان بکاتە سەر و بە وتەی دەقەکە، لە ترساندا هەڵاتووە و پەنای بۆ چیاکان بردووە بۆ خۆ حەشار دان. دەقەکە لەم شوێنەدا زۆر خراپ شکاوە و زیانی پێ گەیشتووە، بەڵام ئەوەی لێ تێدەگەین کە لە ئەنجامدا، پاش شــەش ڕۆژ شــەڕ لە چیاکان ئەمنیلیی کوشــتووە و مادگای گێڕاوەتەوە ژێر دەســتی گوتییەکان.[13] دەقەکە نووســراوی لایەنی ســەرکەوتووە کە گوتییەکانن، لەبەر ئەوە قســەکانی تێر پڕوپاگەندەن لە بەرژەوەندیی خۆیان و لە دژی مادگا و فەرمانڕەواکەی. ئەو بەشانەی دەقەکە کە بە مادگاوە پەیوەندیدارن بەم شێوەیەن:

i 12-19) ’ئێرریدو-پیزیر Erridu-Pizir‘، بەهێز، پادشای گوتیوم و هەر چوار لا....

i 20-25) ئو-[...]، فەر[ماندە]کەی، ’مادگا ...‘ *Madga*[یاخی بوو ؟].

---

11 51) ma-ad-gaKI 52) ḫur-sağ̃-íd-lú-ru-da-ta 53) ésir gú-ŠÁRxKAS 54) im-ta-e11 55) ki-sá-é-ninnu-ka 56) mu-ni-dù, Frayne, D. R., Gudea and his Dynasty, *RIME* 3/1, Toronto, 1997, E3/1.1.7.StB, p. 35.

تالێنت یەکەیەکی کێشانەیە کە نزیکەی ٣٠ کیلۆگرامێک بووە. ڕوباری تاقیکردنەوە دیارە مەبەستی لە سیروانە، ئەگەرێکی کەمیش هەیە ئاوە سپی بێت. مەبەست لە تاقیکردنەوە ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا ئەگەر سکاڵایەک بە هۆی نەبوونی بەڵگە و گەواهەوە نەتوانرایە لە دادگا یەکلایی بکرێتەوە، بڕیار دەدرا گومانبارەکە تاقی بکرێتەوە، دەبوایە خۆی فڕێ بداتە ناو ڕوباری پیرۆزەوە، ئەگەر ئاو بیبردایە ئەوە گوناهبارە، ئەگەر نەیبردایە ئەوە پاکە. ئەمە قسەی زۆری لەسەر کراوە کە ئێرە جێگەی یەکلایی کردنەوە و قسە لەسەر کردنی نیە. بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە، ئەم ڕوبارەی کوردســتانیش هاوشــانی فورات و دیجلە و ئەوانی تر، پیرۆز بووە و بۆ ئەم مەبەســتە بەکار هاتووە. ێ نیننو، پەرستگایەکی بەناوبانگ بووە بۆ نینگیرسوی خواوەندی لەگەش بنیات نراوە. ناوەکەی واتە "خانەی پەنجا".

12 7) má-ḫa-⸢ù⸣-na má-na-lu-a 8) ésir-IGI.ÉSIR im-bar6-bar6-ra 9) ḫur-sağ̃-má-ad-ga-ta 10) níg-gur11 má še-aša5 de6-a-gim 11) gu-dé-a en dnin.ğ̃ír-su-ra 12) im-ma-na-ús, Frayne, Gudea and his Dynasty, *RIME* 3/1, Toronto, 1997, E3/1.1.7.CylA, l. 7-12, p. 79.

١٣ بۆ درێژەی ئەمانە، بڕوانە: Ahmed, *op. cit.*, Chapter Three.

(کەلێن)

i 1´-9´) [ئێرریدو]-پیزیـ[ـر]، بەهێز، پادشای گوتیوم و هەر چوار لا، (بۆ ڕووبەڕووبوونەوە)ی خێرا هاتە دەست.

i 10´-17´) (لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوای مادگا) لێی ترسا، چووە ناو کوێستانەکانی (وڵاتی خۆی)، و (ئێرریدو-پیزیر) دایکێشایە خوراەوە، گرتی (و) پادشا، کردی بە سەرەنوێلکەکەیدا (یان: سوپاکەی تێک شکاند).[١٤]

لە بەشـێکی تریشـدا دێتەوە سـەر باسـی ئەمنیلیی فەرمانڕەوای مادگا و زانیاریی وردترمان پێ دەدات و باسـی چارەنووسیشی دەکات:

ix 1´-11´) ...کاتێـ[ـک] ئەمنیلی *Amnili*، [فەر]ماندەی ... وای کرد وڵاتی .... یاخی ببێت و ...

ix 12´-18´) ئێر[ر]یدو-[پیز]یر، [بەهێـ[ـز]، [پادشای گوتیوم و هەر چوار لا(ی جیهان)]

x 1-2) (بۆ ڕووبەڕووبوونەوە)ی پەلەی کرد.

x 3-5) بە نێو لوتکەکانی چیای نیشبا Nišba دا چووە پێش.

x 6-9) لە شەش ڕۆژدا دە]ربەند]ەکەی [چیای] ’خامێمێ-x-پیـ[ـر] [ḫameme-x-pi[r]‘ ی [گرت].

(کەلێن)

x 1´-3´) ... چو[و]ە دەربەندەکەیەوە.

x 4´-6´) ئێرریدو-[پیزیـ]ـر، بەهـ[ـێـ]ـز، کەوتە دوای و

x 7´-9´) دەربەندەکەی چیای ’نوخپیر Nuḫpir‘ ی گرت.

x 10´-15´) ئەمجا، [ئە[منیلیی، .....، لە لوتکەکەیەوە فـ[ـڕێ] دایە خوارەوە...[١٥]

وانە مێژووییەکان:

دوو ڕووداوی گەورە لە مێژووی دێرینی ئەم ناوچە گرنگەدا هەن کە دوو وانەی مێژوویی بایەخدارمان فێر دەکەن. هەردوو ڕووداوەکە مێژووی ناوچەکەیان گۆڕیوە و بۆ سـەدەها سـاڵ پاشـتر کاریگەرییان لەسـەر ڕوخسـاری وڵاتەکە و پێکهاتەی نەژادی و فەرهەنگیی کوردستان هەبووە.

---

14 19) *a*-[x] 20) m*Ù*-[x x] 21) GÌR.[NÍTA-*ś*]*u* 22) ⸢*Ma*(?)⸣-[*a*]*d*-[*ga*]ki 23) […]-BI 24) […]-*im* 25) [...] x …….. 1´) [*E-er-ri-du*]-*Pi-zi-i*[*r*] 2´) *da-núm* 3´) LUGAL 4´) *Gu-ti-im* 5´) *ù* 6´) *ki-ib-ra-tim* 7´) *ar-ba-im* 8´) DA-*ís-su* 9´) *ig-ru-úś* 10´) *ip-la-aḫ-śú*-⸢*ma*⸣ 11´) *e-tá-ra-ab* 12´) *śa-dú-śum* 13´) *e-ṣú-ud-śú*-⸢*ma*⸣ 14´) *ik-mi-śu* 15´) LUGAL 16´) ⸢*ù*⸣-*ru-a-šu-ma* 17´) ⸢*tub*⸣-*qin-ni-śu* , Ahmed, *op. cit.*, p. 139-140; 142.

15 1´) x […] 2´) x […] 3´) *ì-n*[*u*] 4´) m⸢*Am*⸣-[NI]-*li* 5´) [GÌR].NÍTA 6´) *Šè*-⸢*ru*(?)⸣-[x]-*im* 7´) ⸢x⸣-[…]-ZÉ 8´) […] ⸢x⸣. KUR 9´) *u*-[*na*]-*ak*-[*ki*]-⸢*ru*(?)⸣-*ma* 10´) *ù* 11´) *śar*-⸢x⸣-[(x)]-*ma* 12´) *e-ḫu*(?)⸣-(x)-*śu* 13´) *E-er*-[*r*]*i-du*-[*Pi-zi*]-*ir* 14´) [*da-n*]*úm* 15´) [LUGAL] 16´) [*Gu-ti-im]* 17´) [*ù*] 18´) [*ki-ib-ra-tim*] 19´) [*ar-ba-im*] Col. x 1) DA-*íś-śu* 2) *ig-ru-úś* 3) *è-ku-uš-ma* 4) ŚA.DÚ-*e* 5) *Ni-iš-ba*kur 6) *in* 6 UD 7) *ḫa-me-me*-x-*pi*-[*ir*kur] 8) *na*-[*ra-ab-tám*(?)] 8) [SAG.GIŠ.RA] Lacuna of about 15 lines 1´) ⸢x⸣ […] 2´) *na-r*[*a*]-*a*[*b*]-*ti-śu* 3´) *è-ru-ub* 4´) ⸢*E-er-ri*⸣-*du*-[*Pi-z*]*i-ir* 5´) *d*[*a*]-*ním* 6´) *ìr-da-śu4-ma* 7´) *Nu-úḫ-pi-ir*kur 8´) *na-ra-ab-tám* 9´) SAG.GIŠ.RA-*am* 10´) *ù* 11´) m*Am*-NI-*li* 12´) ḪUR-*nam* 13´) *in ra-śi-śu* 14´) *u*-[*śa-a*]*m*-[*qi4-it*] 15´) x […], Ahmed, *op. cit.*, p. 147-150.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وانەی یەکەم:

لەمانەی سەرەوە گرنگتر، ناوچەی کفری نزیک ڕاڕەوێکە لە کۆندا یەکێک بووە لە دەروازە سەرەکییەکانی چوونە ناو وڵاتی ســومەر لە لایەن ئامورییەکانەوە. ئامورییەکان، کە ســومەرییەکان مارتو MAR.TU یان پێ دەووتن، کۆمەڵە هۆزێکی ســامی نەژاد بوون کە لە بیابانەکانی ســوریاوە بە درێژایی فورات و ڕۆژئاوای دیجلەدا هاتوونەتە نێو وڵاتی مێســۆپۆ تامیـاوە بە دوای خۆراک و لەوەڕ گادا، کە بە هۆی زۆر بوونی ژ مارە یان و هەژاریی ناوچەکە یانەوە ئیتر نەیانتوانیووە لە زێدی خۆیان درێژە بە ژیانیان بدەن. بۆیە ڕوویان لە مێ سۆپۆتامیای کۆن کردووە تا تیایدا نیـ شتەجێ بن، بەڵام مێســۆپۆ تامیا لەو کاتەدا حکومەتێکی بەهێزی تیادا بوو کە بنەماڵەی ســێیەمی ئور بوو، پادشـــاکانی زوو دەرکیان بەم مەترسییە کرد و ڕێیان لێ گرتن، چونکە ئەو لێشاوە زۆرە گۆڕانکاریی دێمۆگرافی و تێکدانی هاوسەنگیی هێز و دارِمانی پەیکەرەی ئابوریی وڵاتی بە دوای خۆیدا دەهێنا. وەک ەو کۆچ و هاتنە ناوەوە هێمنانە و ژمارە کەمانە نەبوو کە پێشـــتر لەســـەر خۆ وەک خێزان و وەک تاکە کەســـیش دە هاتن. جگە لە شـــەڕ و ڕوو بە ڕوووبوونەوەی ڕاسـتەوخۆ، پادشـای سـومەر، شـو-سـین لە چوارەم سـاڵی فەرمانڕەواییەکەیدا شـورەیەکی گەورەی بنیات نا کە ناوی mūriq tidnimکە ناوێکی ئاموری (ســامی) یە بە واتای ئەوەی تیدنوم،[١٦] واتە ئەوەی بیابانگەڕان دەگێڕێتەوە دواوە، یان با بڵێین"بیابانگەڕ گێڕ." ئەم کارە یەکێک لە پرۆژە گەورەکانی وڵات بووە و ســـاڵەکە یان بەو ناوەوە ناو نا "ئەو سـاڵەی شـو-سـین، پادشـای ئور، شـورەی مارتو (ناسـراو بە) موریق-تیدنیم ی بنیات نا."[١٧] لەم کاتەدا دوژمنایەتییەکی توند لە نێوان دەوڵەتی ئور و شـــانشـــین و گەلە کۆنەکانی کوردســـتانا هەبوو، هەروەها لەگەڵ عیلامیش کە بوبوونە ئا مانجی لەشـــکرکێشـــییە کانی دەوڵەتی ئور، تە نانەت عیلام ماوەیەکی باش ژێر دەســـتەی ئور بوو. لەبەر ئەوە بەرژەوەندی ئەمان و ئامورییەکان (مارتووەکان) بوبووە یەک بۆ لەناو بردنی ئور. پێشـەنگ و سـەرە ڕمی شـانشـین و دەوڵەتەکانی ئەم کاتەی کوردســـتان ســـیمورروم بوو کە لە هەموویان زیاتر قوربانیی ئەو شـــەڕئەنگێزییەی ئور بوو، ڕێدەچێت لە بەهێزە کانیشـــیان بووبێت، هەروە ها لە هێڵی پێشـــەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بووە. بۆیە، ئەم کارکردانە وایان کرد ئەم لایەنانە لەگەڵ ئامورییەکان (مارتو) ببنە هاوپەیمان و پێکەوە شەڕی سومەر بکەن. لە یەکێک لە نامە شاهانە بەناوبانگەکانی' شەڕڕوم-بانی 'Šarrum-bani ئەو فەرمانده سومەرییەی لێپر سراوی جەنگان لەگەڵ

---

١٦ لێرەدا تیدنوم بە شـێوە ئەکەدییەکەی نووسـراوە و بەم شـێوەیەی لە باری نۆمینەتیڤ (مرفوع) دایە بۆیە بە -وم کۆتایی هاتووە، بەڵام لە ناوەکەدا کە موریق چووەتە پێشییەوە بووە بە جێنەتیڤ (مجرور)، بۆیە کۆتاییەکەی – یم ە.

17 Mu d*Šu*-dEN.ZU lugal-uri5ki-ma-ke4 bàd mar-dú *mu-ri-iq-ti-id-ni-im* mu-dù, Frayne, The Ur III Period, *RIME* 3/2, Toronto, 1997, p. 290.

ڕاسـتییەکەی، ئەم شـورەیە پێشـتر پادشـا شـولگی، کە دووەم پادشـای ئەم بنەماڵەیە بووە، بنیاتی نابوو، ناوی نابوو "شـورەی وڵاتانی نا-ژێر دەسـت،" مەبەسـتی لەوە بوو، لە بەرامبەر ئەو وڵات و گەلانە بنیات نرابوو کە لە دەرەوەی دەسـتەڵاتی ئور بوون و دەسـتەڵاتی بەسـەریاندا نەدەشکا و بە هەڕەشەی دەزانین، ئەم شوورەیە وا دیارە بۆ ئەوە بووە وڵاتەکەی لە شانشین و دەستەڵاتەکانی ئەو کاتی کوردستان بپارێزێت، بەڵام کاتێ کە دوژمنەکە گۆڕا و بوو بە ئامورییەکان (مارتو)، ئەرکی شورەکەش گۆڕا و ناوەکەشی گۆڕا!

ئامورییەكان و بنیاتنان و چاككردنەوەی شــورەكە بوو كە بۆ پادشــای خۆی، شــو-ســین، ناردووە دەڵێت: "كاتێك كارم لەســـەر قایمكارییەكان دەكرد كە ٢٦ دەننا *danna*(٢٦٩ كیلۆمەتر) درێژن، پاش ئەوەی گەیشـــتمە (ناوچەی) نێوان هەردوو زنجیرە چیاكە، مارتووەكان لە چیاكان بنە و بارگەیان خســت و ســەرنجیان خســتە ســەر كارەكانی بنیاتنانم. (فەرماندەی) ســیموررووم وەك هاوەڵیان لەگەڵیان هاتە نزیكەوە، و لە نێو زنجیرە چیاكانی ئێبیخ (=حەمرین) بۆم دەرچوو و لێم هاتە دەســت بۆ شــەڕ لەگەڵ كردنم."[١٨] لێرەدا بە ڕوونی دەبینین كە ســیموررومییەكان چوون بە هانا و كۆمەكی ئەم ئامورییان لە دژی ســومەر، شــوێنەكەش لە گەرمیان بووە، لە نێو چیاكانی حەمرین. هەرچەندە بەشــێكی گەورەی شــورەكە لە ڕێڕەوی نێوان دیجلە و فورات دا بووە، لەو شــوێنەدا كە زۆر لەیەك نزیك دەبنەوە، بەڵام وا دیارە بۆ ئەمبەر دیجلەش درێژ بووەتەوە، چونكە بـاس لە نێوان زنجیرەكـانی ئێبیخ، واتە حەمرین، دەكـات. وا دیـارە ئەم هاوكاری و هاوپەیمانێتییە كاری دەوڵەتی ئوری زۆر ســەختتر كردووە، بۆیە شــەڕڕوم-بانی هاواری لێ هەڵدەســتێت و بەم شێوەیە داوای فریا كەوتن لە پادشای دەكات: "ئەگەر پادشام لە بوونەوەرانی ئاسمانییە (واتە لە پیرۆزەكانە)، ئەوا هێزی كاری زیادەم بۆ دەنێرێت و بۆ ئەوەی ئەركەكە(یان) جێ بەجێ بكەن، بەهێزیان دەكات. هەرچەندە نەمتوانیوە بگەمە شـــوێنی هەرە بەرزی ناوچەی ســـنوور، [هەر كە] زانیاریم [پێ گەیشـــت]، نێردراوێك بۆ ناوەوە (ی وڵاتەكە)] دەنێرم. بەڵام وڵاتەكە ڕای گۆڕاوە (= لایەنگیریی گۆڕاوە)، و من بنیاتنانی قایمكارییەكانم پشــتگوێ نەخســتووە – (بە پێچەوانەوە، لە هەمان كاتدا) بنیات دەنێم و شەڕیش دەكەم."[١٩] ئەمانە دادیان نەدا، لە كۆتاییدا هێرشێكی هاوبەشی عیلامییەكان و ســیماشــكییەكان (لە ڕۆژئاوای ئێران) و ئامورییەكان و بێگومان ســیموررومییەكانیش، ئوری پایتەخت گیرا و وێران و كۆتایی بە بنەماڵەی ســێیەمی ئور هات. بەڵام لێكەوتەكانی هەرەس هێنانی ئەم بەرگرییە لە گەرمیان، واڵا بوونی ئەم دەروازەیە بە ڕووی ئامورییەكاندا، لە تەنها كۆتایی ســیاســی بنەماڵەیەك زۆر زیاتر بوو. ئیتر بیابان نشینانی ئاموری بە لێشاو ڕژانە وڵاتی سومەرەوە و تیایدا نیشتەجێ بوون و خۆیان بنەماڵەی فەرمانڕەوا و دەوڵەتی پچووك پچووكیان دامەزراند، زمانی خۆیان كرد بە زمانی فەرمی، بەردەوامیش كۆچهێنەری نوێ دەهاتن، لە كاتێكدا سومەرییەكان پشت و پەنایەكیان نەمابوو، بە كۆچیش سومەریی نوێ نەدەهاتن تا هاوسەنگی لەگەڵ ئەو ئامورییانەدا ڕابگرن، بۆیە هەمووی یەك دوو سەدەی نەبرد ئیتر سومەری (لە دەوروبەری ١٩٠٠ پ.ز. دا) وەك زمانی ئاخاوتن كۆتایی هات و لە ئەنجامی ئەمیش گەلی ســـومەریش نەما. تەنانەت ناوی ســـومەر وا بیر چووەوە كە كەس ئیتر نەیدەزانی گەلێك بەو ناوە و شـــارســـتانییەك بەو ناوە هەر هەبووە، تا لە ســـەدەی ١٩هەمی زایینیدا دووبارە لە ڕێی دۆزینەوە

18 11) bàd-bi 26 dana-kam dím-e-da-g̃u10-ne 12) dal-ba-na ḫur-sag̃ min-a-bi-ka sá di-da-g̃u10-ne 13) dím-me-g̃u10-šè Mar-dú (*Ammurum*) šà? ḫur-sag̃-g̃á-ka íb-tuš-a g̃éštu mu-ši-in-ak 14) Si-mu-ur4ki nam-tab-ba-ni-šè im-ma-da-g̃en 15) dal-ba-na ḫur-sag̃ Ebiḫki-ke4 g̃ištukul sìg-ge-dè im-ma-ši-g̃en, Michalowski, P., *The Correspondence of the Kings of Ur, An Epistolary History of an Ancient Mesopotamian Kingdom*, Mesopotamian Civilizations, Winona Lake, 2012, p. 398-9.

19 18) tukum-bi lugal-g̃á an-na-kam 19) éren kíg̃-aka-dè ḫa-ma-ab-daḫ-e á ḫa-ma-g̃á-g̃á 20) u18-ru ma-da sá nu-ub-da-du11-ga inim-bi x x 21) ma-da murub4ki-šè lú-kíg̃-gi4-a mu-ni-gi4 22) ma-da dím-ma-bi ba-da-kúr 23) bàd dù-ù-dè nu-šub-bé-en ì-dù-en ù g̃ištukul ì-sìg-ge-en, Michalowski, *ibid.*

کۆنەناسییەکانەوە دووبارە دۆزرانەوە و زمانەکەیان خوێندرایەوە و شارستانییەکەیان پێکەوە نرایەوە. لەمەوە ئەو وانەیە فێر دەبین کە هەندێک شوێن هەن گرنگییەکی تەواو ستراتیجییان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە و ڕۆڵی ئێگجار مەترسییدار دەبینن، وا دیارە پادشایانی سومەریش هەستیان بەو بایەخە گەورەیە کردووە بۆیە ئەو ئەرکە ئێگجار گەورەیەیان لە ئەستۆ گرتووە و ئەو شورە مەزنە درێژەیان بنیات ناوە. ئەگەر ئامورییەکان ئەو هاوپەیمانێتییەیان لەگەڵ لایەنەکانی تر نەبووایە، لەوانە بوو زۆر سەخت بووایە بە تەنها بتوانن ئور بگرن و ڕەوتی مێژوو بە جۆرێکی تر دەبوو. ئەو هاوپەیمانێتییەش نەدەبەسترا ئەگەر دەوڵەتی ئور لە جیاتیی پەیوەندیی دوژمنکارانە و پەلاماردانی گەلان و دەوڵەتەکانی کوردستانی کۆن، سیاسەتێکی جیاوازی هەبووایە و ئەو لە جیاتی ئامورییەکان هاوپەیمانێتییان بکردایە.

وانەی دووەم:

گەورە ڕووداوی دووەم هەر لەم ناوچەیەدا بەسەرهاتی سیموررومە لەگەڵ هەمان هاوپەیمانەکانی پێشووی خۆی، واتە ئامورییەکان. پێشینان ڕاستیان وتووە کە کەس نازانێت قەدەر چیی بۆ هەڵگرتوویت! ئەو ئاموریانە کە هاوپەیمانی خورییەکان بە گشتی و لە نێو ئەوانیشدا، سیمورریەکان بە تایبەتی بوون، پێکەوە دژی دوژمنی هاوبەشیان جەنگان و پێکەوە بە ئامانج گەیشتن، دەبینین پاش چەند دەیەیەک لە سیمورریەکان هەڵگەڕانەوە و هەوڵیان دا وڵاتەکەیان داگیر بکەن!

ئامورییەکان کە کۆمەڵە هۆزێکی سامی نەژاد بوون، بیابان گەڕ بوون و کە هاتنە مێسۆپۆتامیاوە ئەمجا بەرە بەرە دامەزران و نیشتەجێ بوون و بنەماڵەی فەمانڕەوایان دامەزراند. ڕەنگە بە ناوبانگترینیان بنەماڵەی یەکەمی بابل بێت کە حەممورابی شەشەمین پادشای بووە. پاش سەرکەوتنیان بەسەر بنەماڵەی سێیەمی ئوردا، ئیتر دەرگا لەبەردەمیاندا والا بوو و بە لێشاو ڕژانە وڵاتی سومەر و ئەکەد و ئەو وڵاتەوە کە لە مەوپاش ئیتر بە وڵاتی بابل ناسرا. لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا بەردەوام خەریکی فراوانخوازی و داگیرکاری بوون. لەبەر ئەوەی گەلانێکی کۆچەری و تاڕادەیەکی زۆریش شوانکارە بوون، بە ئاسانی دەیانتوانی بەسەر شارنشین و جوتیارە دێهات نشینەکاندا سەر بکەون. وەک لە سەرەوە باسمان کرد، هەموو سومەر و ئەکەدیان داگیر کرد. لە باکورەوە، هۆزێکیان بە ناوی 'ئەخازوم 'Aḫāzum لە دیجلە پەڕینەوە و لە تەوەری زێی خوارووەوە بەرەو ناوچەی تەقتەقی ئێستا هاتنە پێش. لەبەر ئەوەی لەوێ لەو کاتەدا قەوارەیەکی سیاسی و سەربازی نەبوو بە ڕوویان دا بووەستێتەوە، توانییان لەوێ شاری 'شیکشاببوم 'Šikšabbum داگیر بکەن و شانشینێکی تیادا دابمەزرێنن. ناوی ئەم شانشینە و فەرمانڕەواکەی لە ئەرشیفەکانی شمشارە و نامەکانی شاری ماری دا تۆمار کراون. فەرمانڕەواکەی ناوی 'یاشوب-ئەددو 'Yašub-Addu بوو. بەسەر هاتی ئەم لەگەڵ هێزەکانی ئەوکاتی کوردستانی دێرین و هێزەکانی تردا بۆ خۆی باس و خواسێکی دوور و درێژە، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە نەبوونی قەوارەیەکی بەهێز لە ناوچەکەدا، بۆ ماوەیەک ئەم تەوەرەی خستە ژێر دەستی ئامورییە بێگانەکانەوە. ئەگەر ڕاپەڕینی ئازایانەی دواتری خورییەکان لە وڵاتی ئوتوم (یان ئوتو-وێ، لە دەشتی ڕانیە) نەبووایە، ئەگەر هەبوو تەوەرەکە بۆ هەمیشە لەدەست بچێت و سیمای نەژادی ببوایەتە سامی. لە

کاتێکدا، هەر ئەم ئامورییانە، لە باشـــووریشـــەوە، لە تەوەری گەرمیانەوە هەوڵیان دا بێنە ناوچەکانی کفری و کەلاری ئێستاوە و بە دەردی تەوەری زێی خواروەی بەرن، بەڵام لەو کاتەدا سیموررووم پادشایەکی بەهێز و لاوچاکی هەبوو کە ’ئیددیـــ(ـــن)- سین Iddi(n)-Sîn‘ بوو. توانی هێزەکانیان بشکێنێت و هەر پێنج شێخی هۆزەکانیان بکوژێت و بەم شێوەیە وڵاتەکەی بپارێزێت. ئەم زانیارییانە تا چەند ساڵێک پێش ئێستا نەزانراو بوون، و لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس نەکرابوون، تا بەردە بە ناوبانگەکەی شەهید غەریب هەڵەدنی دۆزرایەوە و بەرێزیان پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانیی کرد. لەو بەردەدا، نووسینێکی درێژ هەیە، لەو شوێنەدا کە باسی ئەم بەسەرهاتانە دەکات دەڵێت: "مادییا (یان ماکییا)، شـــاوییا (یان شـــاپییا)-[x]،ماگیبانی (؟)، ئەخاتوم، و ئاویلانوم، شـــێخە ئامورییەکان، ســـەری برین و ئامورییەکانی لە وڵاتی خۆی گێڕایەوە دواوە."[٢٠]

ئیددیـــ(ـــن)-سـین توانی وڵاتەکەی و نەتەوەکەی لەو چارەنووســە بپارێزێت کە بەســەر ســومەرییەکان هات. ســـومەرییەکان کەم کەم فەوتان و لەبیر چوونەوە، بەڵام ســـیمورییەکان، کە بەشـــێک بوون لە گەلی خوری، مانەوە و شانشینەکەیان بەهێزتر کرد. هەر ئەم پادشایە قەڵەمڕەوی شانشینەکەی گەیاندە ناوچەکانی دەشتی ڕانیە و لەوانەیە سەرووتریش، لەو لا شەوە لانی کەم تا سەرپێلی زەهاو گەیشتووە، چەند سەدەیەک دواتر، کاتێک هیچ سومەرییەک نەمابوو لەناو ماڵی خۆیدا بە سومەری قسە بکات و هەموو بوبوونە بەشێک لە گەلی سەردەستە و فەرمانڕەوای وڵات، واتە ئامورییەکان، هەر لە هەمان کاتدا، لە سایەی ئەو قەڵغانەی پادشایانی وەک ئیددیـــ(ـــن)-سین دروستیان کرد و بناغەی پتەوی دەوڵەتی بەهێزی وەک شـــانشـــینەکەی پادشـــا ’زازییا Zaziya‘ دایان ڕشـــت، ئیمپراتۆرییەکی بەهێز و فراوانی وەک ئیمپراتۆریی میتانی لە کوردســـتانی کۆندا پێک هات کە یەکێک بوو لە چوار زلهێزەکەی ئەوســـای ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن.[٢١]

**دەرئەنجام:**

لەم توێژینەوە کورتەدا دەردەکەوێت کە داڕێژەرانی ستراتیجی دوورمەودا و پلاندانەرانی سیاسی دەبێت هەموو شتێک، چەند پچووکیش بێت، بە جیددی وەربگرن. ناوچەی کفری، هەرچەند بە شێکی پچووکی کوردستانە، بەڵام ئەو دەروازەیە بووە کە گەلێکی بە شارستانییە کۆن و چەند هەزار ساڵەکەیەوە لەناو بردووە و هەر ئەو دەروازەیە شە کە کاتێک بە ڕووی دوژمنانیدا دایخســتووە، هەموو کوردســتانی پاراســتووە. لەم بارەیەوە، دەبینین بوونی کەســایەتیی خاوەن ئاکار و توانستی ڕابەرانە و فەرمانداندە چەند کاریگەریی گەورەی لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە و دەتوانێت

---

20 75) 1*Ma-di/ki-a*-[x] 76) 1*Ša-wa/wi/pi-a*-[x] 77) 1*Ma-gi-ba*-⌜*ni*(?)⌝ 78) 1*A-ḫa*-⌜*tum*⌝ 79) 1*A-wi-la-núm* 80) *ra-bí-a-nu* 81) *A-mu-ri-im* 82) *i-ne-er-šu-nu-ti* 83) *ù A-mu-ra-am* 84) *i-na kúl-le*-⌜*e*(?)⌝-*šu* 85) *iṭ-ru*-<<UD>>-*us-sú*, Ahmed, *The Beginnings…*, p. 257.

٢١ بۆ زانیاریی وردتر و درێژتر لە بارەی شـــانشـــینەکەی زازییاوە کە شـــانشـــینێکی گەورەی کوردســـتانی دێرین بووە، بڕوانە: احمد، ، ک. م.، "شانشینی توروکگو لەسەردەمی ’زازییا‘ دا، ئەزموونی دامەزران و پەلهاویشتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە مێژووی دێرینی کوردستاندا، ژین، ژمارە ٤، نۆڤەمبەری ٢٠١٢، ل. ٥-٢٦.

بیانگۆڕێت. ئەگەر لە سیمورروم کەسایەتییەکی وەک ئیددیـــ(ـــن)-سین نەبووایە، ئەگەری زۆر بوو بە دەردی تەوەری زێی خواروو بچێت. پێچەوانەکە شی هەر ڕا ستە. قایم گرتنی ڕاڕەو و تەنگە و شارێیەکان ڕۆڵێکی یەکلایی کەرەوە لە چارەنووســی شــەڕە گەورەکان و ململانێکاندا دەبینێت و ئەمانیش چارەنووســی میللەتان دەگۆڕن، بۆیە بەڕاســتی ناوچەی کفری سەنگەرێکی لە پێشی کوردستانە و لە پێناو پاراستنی وڵات و میللەتمان، پاراستنی کفری ئێگجار گرنگە.

**سەرچاوەکان:**


Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, Unpublished Ph.D. Dissertation, Leiden, 2012.

Frayne, D. R., Gudea and his Dynasty, *RIME* 3/1, Toronto, 1997.

Frayne, D. R., The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS vol. 74, New Haven, 1992.

Frayne, The Ur III Period, *RIME* 3/2, Toronto, 1997.

Gibson, McG., "Geographical and Historical Background," in: McG. Gibson (ed.), *Uch Tepe* I, Tell Razuk, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajmat, Copenhagen and Chicago, 1981.

Michalowski, P., *The Correspondence of the Kings of Ur, An Epistolary History of an Ancient Mesopotamian Kingdom*, Mesopotamian Civilizations, Winona Lake, 2012.

Sanjana, D. D. P., *The Kârnâmê î Artakhshîr î Pâpakân*, Bombay, 1896.

Skjærvø, P. O., *The Sassanian Inscription of Paikuli*, Part 3.1, Restored Text and Translation, Wiesbaden, 1983.


Steinkeller, P., Appendix 1: Early History of the Hamrin Basin in the Light of Textual Evidence, in: McG. Gibson (ed.), *Uch Tepe* I, Tell Razuk, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajmat, Copenhagen and Chicago, 1981.

احمد، ، ک. م.، "شــانشــینی توروککو لەســەردەمی 'زازییا' دا، ئەزموونی دامەزران و پەلهاویشــتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە مێژووی دێرینی کوردستاندا،" ژین، ژمارە ٤، نۆڤەمبەری ٢٠١٢.

حەمید، ڕێبوار سـەرتیپ ، مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سـێیەم تاکو ناوەڕاسـتی هەزارەی یەکەمی پ.ز.، ماستەرنامەی بڵاو نەکراوە – زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

مارکوارت، ی.، ایرانشهر بر مبنای جغرافیای موسی خورنی، تر. مریم میر احمدی، تهران، ١٣٧٣ (١٩٩٤).

وهبی، توفیق، اصل الاکراد و لغتهم، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی ٢، بەشی ٢، بەغدا، ١٩٧٤.




نەخشـــەی ڕێگا کۆنەکان و مەنزڵگاکانی ســەر ڕێگای ناوچەی دیالە بۆ گاســور بە پێی لیســتی ناوە جوگرافییکانی سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان، سەرچاوە: Frayne, *EDGN*, p. 55.



ڕووی پێشــەوەی نووســینە شــاهانەکەی پادشــای گوتی ئێرریدو-پیزیر کە ناوی مادگا و ئەمنیلیبفەرمانڕەوای تیادا تۆمار کراوە، لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Kutscher, R., *The Brockmon Tablets at the University of Haifa- Royal Inscriptions*, Published by the Haifa University Press and the Zinman Institute of Archaeology, Haifa, 1989, p. 120.